# شەونم

هۆنراوەی (96)

**سینه مالامال درد است ای دریغا مرهمی**

پڕپڕە سینەم لە ژان ئەی داخەکەم بۆ مەڵحەمێ
دڵ لەتەنیایی وەگیان هاتووە خودایە هاودەمێ
چاوی چاکەی کێ لەسووڕی چەرخی زووتێپەڕ هەیە
وەم حەسێنە و پیاڵەیێکم مەی دەیە ساقی ژەمێ
هەستە تاکوو دڵ بەوێ تورکی سەمەرقەندی بدەین
وا لە سروەی بۆنی جۆگەی موولیانی دێ دەمێ
حاڵی دنیایەم لە پیتۆڵێکی پرسی  پێکەنی
پێی کوتم بڕوانە ئاخ و داخ و دەردی عالەمێ
بۆ شەمی شۆخی چوگوڵ سووتام لە نێو چاڵی سەبر
روحمی پێمدانایە شای تورکان لە کوێیە رۆستەمێ
راحەتی و خۆشی لەرێگەی عێشقبازی دا بەڵان
دڵ بلا بێشێ بەزامت گەر بخوازێ مەڵحەمێ
میری نازنازی لە کووچەی زیرەکان رێگەی نیە
پێی دەوێ رێبواری دنیادیو نەخاو و بێ غەمێ
ئادەمی لەو عالەمی خاکی پەیانابێ دەبێ
عالەمێکی دی دروست بکرێت و لەنوێ ئادەمێ
نایەنێ گریانی حافز هیچ لەلای بەحری ئەوین
چونکە حەوت دەریا لەلای ئەو نانوێنێ شەونەمێ

حافزی حەقیقی